هەرێمی کوردستان/ عێراق

ئەنجومەنی وەزیران

إقليم كوردستان/ العراق

مجلس الـوزراء

# بڕیـاری ئەنجومەنی وەزیـران

## ژمارە (٤٩) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەمـوارکراو، و بـۆ مەبەسـتەکانی خۆپـارێزی لە بڵاوبـوونەوەی ڤایرۆسـی (کۆرۆنـا) و بەرجەسـتەکردنی بەرپرسـیارێتی دامودەزگاکانی هەرێمی کوردستان لە پاراستنی ژیان و سەلامەتیی هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان وەک کاری لەپێشینەی حکومەت، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتە پەیوەندیدارەکان، و لەبەر ڕۆشـنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٢٣) لە ٢٠٢٠/٢/٢٥، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. پێویستە لەسەر وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕۆژانە زانیاری ورد و دروست سەبارەت بە ئامارەکانی تایبەت بە ڤایرۆسی (کۆرۆنا) و ڕێنماییە تەندروستییەکان بە شێوەیەکی سادە و ڕوون بخەنەڕوو بۆ ڕای گشتی، جگە لەمانەش هیچ کەس و لایەنێکی دیکە مافی لێدوانی فەرمی و بڵاوکردنەوەی زانیاری فەرمییان نییە.

٢. وەزارەتی تەندروستی بە هەماهەنگی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بەردەوام دەبن لە ڕێکاری پشکنینی پزیشکی بۆ ئەو کەسانەی لە سنوورەکانەوە دێنە ناو هەرێمی کوردستان بە بێ جیاوازی، و بە ڕەچاوکردنی پێوەرە پزیشکییە کارپێکراوەکان، و پرۆسەی کەرەنتینە لەسەر ئەو بنەمایە ڕێک دەخرێتەوە و ئەو کێشە و گرفتانەش چارەسەر بکرێن کە لە کۆبوونەوەکەدا خرانەڕوو سەبارەت بە پرۆسەی کەرەنتینە لە ئێستادا.

٣. وەزارەتی تەندروستی لەسەر ئاستی پارێزگاکان نەخۆشخانە یان هەر بینایەیەکی شیاوی حکومی تەرخان دەکات و نۆژەنکردنەوە و تەجهیزکردنی پێویستی بۆ ئەنجام دەدات بۆ پێشوازیکردنی ئەو کەسانەی کە گومانی هەبوونی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)یان لێ دەکرێت .

٤. سەبارەت بە کۆڕ و کۆبوونەوە و چالاکی و یادەوەری و مەراسیم و بۆنەکان، هەر وەزیرێکی تایبەتمەند لە چوارچێوەی کار و چالاکییەکانی خۆی بە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارە حکومی و ناحکومییەکان کاری پێویست ئەنجام دەدەن بۆ هەر ڕێکارێکی خۆپارێزی کە پێویست بێت.

٥. وەزارەتەکانی ڕۆشنبیری و لاوان و ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هەماهەنگی وەزارەتی تەندروستی و فەرمانگەی میدیا و زانیاری لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەردەوام دەبن لە بڵاوکردنەوەی ڕێنمایی و زانیاری پێویست بۆ خۆپارێزی لە ڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کەناڵەکانی دیکەی پەیوەندی لەگەڵ هاووڵاتییان.

٦. وەزارەتی دارایی و ئابووری پێداویستییەکانی پارێزگاکان و هەردوو ئیدارەی سەربەخۆی گەرمیان و ڕاپەرین دابین دەکات لەسەر بنەمای پێداویستی فیعلی و ڕەچاوکردنی ژمارەی دانیشتووان. بۆ ئەم مەبەستەش دەسەڵاتی دارایی خەرجکردنیان پێ دەدرێت لەلایەن وەزارەتی دارایی و ئابوورییەوە.

٧. وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار بە هەماهەنگی وەزارەتی ناوخۆ گەشتی بە کۆمەڵ لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ناو هەرێمی کوردستان ڕێکدەخاتەوە بە جۆرێک کە ڕەچاوی پاراستنی ژیان و سەلامەتیی هاوڵاتییانی هەرێمی کوردستان بکرێت کە ئەولەویەتی کاری حکومەتی هەرێمی کوردستانە.

٨. وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بە هەماهەنگی وەزارەتەکانی دارایی و ئابووری و ناوخۆ و پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ڕێکاری پێویست وەردەگرێت بۆ بابەتی هاوردەکردنی سووتەمەنی بۆ هەرێمی کوردستان بە جۆرێک کە کەمترین بەریەککەوتنی مرۆیی هەبێت و تانکەر و شۆفێرانی ئەودیوی مەرزەکان لە پێش هاتنەناو هەرێم ئاڵوگۆڕ بکرێن بەڕەچاوکردنی ڕێکار و ڕێنماییە تەندروستییەکان.

٩. وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بە هەماهەنگی پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ڕێکاری پێویست وەردەگرن بۆ بابەتی هاوردەکردنی خۆراک و دەرمان و شمەک و کەلوپەل و پێداویستییەکانی ڕۆژانەی هاوڵاتییان بە جۆرێک کە کەمترین بەریەککەوتنی مرۆیی هەبێت و بارهەڵگر و شۆفێرانی ئەودیوی مەرزەکان لە پێش هاتنەناو هەرێم ئاڵوگۆڕ بکرێن بەڕەچاوکردنی ڕێکار و ڕێنماییە تەندروستییەکان.

١٠. وەزارەتی ناوخۆ و بازرگانی و پیشەسازی و لیژنەکانی ئاسایشی بازرگانی و لیژنەکانی قایمقامییەت ڕێکاری یاسایی وەردەگرن لە بەرامبەر هەر کەس و لایەن و کۆمپانیایەک کە بیانەوێت بە ناڕەوایی سوود لەم بارودۆخە وەربگرن و ئیستغلالی بکەن بۆ ئامانجی بازرگانی بە ئاڕاستەی قۆرخکاری و گرانکردنی شمەک و خزمەتگوزارییەکان و نانەوەی پشێوی لە بازاڕ.

١١. پەسەندکردنی ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی فراوانی هاوبەشی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان و پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لە ڕۆژی شەممە ٢٠٢٠/٢/٢٢ بە سەرپەرشتی بەڕێز وەزیری ناوخۆ وەک لە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران خرانەڕوو، و ڕاسپاردنی وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ڕاسپاردانە بەپێی تایبەتمەندێتی. (*وێنەیەکی ڕاسپاردەکان هاوپێچی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیرانە*).

١٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران